**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ١**

**مێژووی بڕیار: ٢٠١٨/٣/٤**

## بڕیار

پشت بە حوکمی برگەی (سێیەم)ی ماددەی (یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ (یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم) و ئەو دەسەڵاتەی بە سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، و بەمەبەستی پێداچوونەوەی زیاتری یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨ یاسای (چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق)، ئەم بڕیارەی خوارەوەماندا:

یەکەم: گێڕانەوەی (بڕگەکانی (دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم و حەوتەم) لە ماددەی (٣)) و (بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٨)) و (خاڵی (٢) لە بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (١١)) یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨ (یاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠١٨/٣/٤ـەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شکراللە** | **جعفر إبراهیم ئێمینکی** | **یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان ـ عیراق** | **کوردستان ـ عیراق** | **کوردستان ـ عیراق** |